# سەرۆك كۆمار پێشوازی لە ڕەوەندی عێراقی لە ئوردن دەکات



سەرۆك كۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید لە شوێنی مانەوەی لە عەممانی پایتەختی ئوردن، پێشوازی کرد لە ژمارەیەك لە ڕۆڵەکانی ڕەوەندی عێراقی لە ئوردن.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار ڕایگەیاند:-لە وتەیەکدا لە میانی دیدارەکەدا پێشکەشیکرد، سەرۆك كۆمار ئاماژەی بەوەدا، کە سەردانەکەی ئێستای بۆ شانشینی هاشمیی ئوردن لەپێناو پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی برادایە، هەروەها بۆ فراوانکردنی هاریکارییەکانی نێوان هەرسێ وڵات، عێراق، ئوردن و میسرە بە تایبەتی لە بوارەکانی وزەی نوێبوەوە، کە ئەمە پێویستی بە کاری چڕوپڕ هەیە لەو کۆبونەوەیەی ئومێد دەکرێت بەمزوانە ببەسترێت و وەزیران و تەکنیکارانی تایبەتمەند لە هەرسێ وڵات بەشداری تێدا دەکەن.

سەرۆك كۆمار جەختیکردەوە، عیراق بە پەرۆشە بۆ درێژەدان بە هاریکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ براکانی لە پرسەکانی بەرژەوەندی هاوبەش و گەیشتن بە لێکتێگەیشتن، کە ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا بەرقەرار بکات.

سەبارەت بە پرسی فەڵەستین، سەرۆك كۆمار پشتیوانی حكومەتی عێراق و خەڵكەكەی بۆ گەلی فەڵەستین دوپاتكردەوە و جەختی لەسەر پێویستی راگرتنی دەستدرێژییەكان بەسەر كەرتی غەززە كردەوه، كه كاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەكه هەبووه.

هەروەها ئاماژەی بە گرنگی یەكخستنی هەوڵە نێودەوڵەتییەكان كرد بۆ گەیشتن بەچارەسەرێكی هەمەلایەنە بۆ پرسی فەڵەستین، كە داواكارییەكانی گەلی فەڵەستین بەدیبهێنێت بۆ گەیشتن بە مافە تەواوەكانی بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆی خۆیان لەسەر خاكی نیشتمانەكەیان.

سەرۆك كۆمار تیشكی خستەسەر ئەو سەقامگیرییە ئەمنی و سیاسی و ئابورییەی عێراق لەئێستادا بەخۆیەوەدەبینێت و كاریگەری ئەرێنی داناوە لەسەر پەیوەندییە دووقۆڵییەكانی لەگەڵ كۆی وڵاتانی جیهان، هەروەها پێداگری حكومەت لەسەر جێبەجێكردنی بەرنامە خزمەتگوزارییەكەی و درێژەدان بە پرۆسەی ئاوەدانكردنەوە لە هەموو پارێزگاكانی وڵاتدا رونكردەوە، داواشی لێكردن لەڕێگەی ئەزمون و تواناكانیانەوە بەشداری بكەن لە پڕۆژەكانی وەبەرهێنان و بونیادنانی عێراق و گەشەپێدانی.

سەرۆك كۆمار رایگەیاند، لە میانی گفتوگۆكاندا لەگەڵ خاوەنشكۆ شا عەبدوڵڵای دووەم، بارودۆخی رەوەندی عێراقی تاووتوێ كردوە. ئاماژەی بەوەشكرد، گرنگیدان بە بەرژەوەندییەكانیان و پێشكەشكردنی باشترین خزمەتگوزاری بە عێراقییەكانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات، یەكێكە لە ئەركە گرنگەكان و تەنانەت لە ئەركە سەرەكییەكانی سەرۆكایەتی كۆمار و حكومەتی عێراقە.

لای خۆیانەوە رۆڵەكانی رەوەندی عیراقی لە ئوردن سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ سەرۆك كۆمار دەربڕی بۆ رەخساندنی ئەم دیدارە، جەختیان لەوەشكردەوە، كە ئەم پەیوەندی و دیدارانە لەگەڵ رۆڵەكانی رەوەندی عێراقی لە دەرەوەی وڵات و گرنگیپێدانیان، ئاسانكاری دەكات بۆیان لە لابردنی ئەو ئاستەنگ و رێگریانەی روبەڕوویان دەبێتەوە لە ماوەی مانەوەیان لە دەرەوەی وڵات.

